بانکی ناوەندی عێراق ڕێنمایی نوێ لەبارەی مامەڵەکردن بە دۆلار و دینار بڵاودەکاتەوە

بانکی ناوەندی عێراق لەمیانەی ڕاگەیەندراوێکدا هۆشداری دەدات، ئەگەر دۆلار بە نرخی دیاریکراو مامەڵەی پێوە نەکرێت، بە 100 ملیۆن دینار پێبژاردن و بەندکردنی کەمتر لەماوەی 15 ساڵ، سزا دەدرێت.

بانکی ناوەندی عێراق جەختیش دەکاتەوە، کە نرخی 100 دۆلاری ئەمەریکی 134000 هەزار دیناری عێراقی تێپەڕ ناکات.

ئەوەشی خستووەتەڕوو، کێینی کاڵا لە دەرەوەی وڵات بە نرخی بانکی ناوەندی دەبێت، هەروەها حەوالەکردنی پارە بە پێی ڕێککارەکانی بانك دەبێت.

دووپاتیشیکردووەتەوە، هۆکاری بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار، ئێتەمبڵ و زەوی، بۆ سپیکردنەوەی پارە دەگەڕێتەوە، سوودمەندیش لێی چەند لایەنێکی دیارکراون.

ڕوونیشیکردەوە، نرخی 100 دۆلار بۆ هاوردەکارانی ئێتەمبڵ بە 132.200 ئەژمار دەکرێت، باج و ڕسومات بە دراوی عێراقی دەدرێت، بە پێچەوانەوە، ئەگەر بەو نرخە زیاتر کاری پێبکەن، وەك تاوانی سپیکردنەوە و بەقاچاخبردنی پارە بۆ دەرەوە سزا دەدرێن.